# ستیڤان شەمزینانی لە کۆڕێکدا لە شارۆچکەی سەیدسادق باس لە پرسی توندوتیژیی دژی ژنان دەکات



**ئا : کوردە**

**رۆژی سێشەممە 2007\8\21 کاتژمێر پێنجی سەرلەئێوارە ماڵی گەنجانی سەیدسادق بەئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاوی گەنجان و رۆشنبیران و ژنان وجەماوەری شارۆچکەی سەیدسادق لەهۆڵی ماڵی گەنجان کۆڕێکی بۆ نووسەرو رۆژنامەوان(ستیڤان شەمزینانی) رێکخست لەژێر ناونیشانی(کێشەکانی ژنان وپرسی توندوتیژیی .. ئەرك و هەنگاوەکانمان ) . لەسەرەتای کۆڕەکەدا شەمزینانی ئاماژەی کرد بۆ سروشتی کێشەکانی ژنان و پرسی توندوتیژیی لەکۆمەڵی کوردەواریدا دژی ژنان وجیاوازیی ئاستەکانی توندوتیژیی لە خۆرهەلاّت و خۆرئاوای شیکردەوە.**

**پاشان هاتە سەر ئەرك و میکانیزمەکانی هەوڵدان بۆ گۆڕانکاریی و کەمکردنەوەی ئاستەکانی توندوتیژیی ، کۆڕگێڕ لەسەرەتا بۆ کارێکی لەو چەشنە هاتنە مەیدانی ژنانی بە فاکتەری بنچینەیی لەقەڵەمدا و بەوردی پەنجەی خستە سەر گرنگی ئەکتیڤکردنەوەی جەماوەری ژنان ، پاشان باسی لەگۆڕینی یاساکان کرد کەدەتوانێ یارمەتیدەرێکی باشی کۆتایی پێهێنانی توندوتیژیی دژی ژنان بێت ولەورووەوە کۆمەڵگە خۆرئاواییەکانی وەك نموونە هێنایەوە ، دواتر باسی لەگرنگی فەلسەفەی پەروەردە کرد بەتایبەت گۆڕینی میتۆدی خوێندن لەکوردستان بە میتۆدێکی نوێ کەئەمە دەبێتە هۆی پەروەردەکردنی نەوەیەکی نوێ و دەرچەیەکیش دەبێت لەراستای گۆڕانی کۆمەلاّیەتی ، لەبەشی کۆتایی کۆڕەکەشدا باسی لەرۆڵی باشکردنی باری ئابوریی و سەقامگیریی ئابووریی کرد کەدەتوانێت یارمەتی باشی پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵگە بدات ، دواجار هەنگاوە عەمەلی و هەنووکەییەکانی دەستنیشان کرد وبەکورتەیەك دەربارەی چەمکی شەرەف کۆتایی بە کۆڕەکەی هێنا.**

**لەبەشی دووەمی کۆڕەکەدا دەرگای پرسیارو گفتوگۆ بەڕووی ئامادەبوواندا کرایەوە و ژمارەیەکی بەرچاویش لەئامادەبووان بە سەرنج و پرسیار و تێبینییەکانیان کۆڕەکەیان دەوڵەمەندتر کرد ، پاشان شەمزینانی وەلاّمی پرسیارو پێشنیارەکانی دایەوە و بەمجۆرە لەکاتژمێر حەوتی ئێوارە کۆڕەکە بەسەرکەوتوویی کۆتایی پێهات .**

**جێگەی ئاماژە بۆ کردنە وابڕیارە لەم چەند هەفتەیەدا ( ستیڤان شەمزینانی ) چەند کۆڕێکی تر ببەستێت لەهەریەك لە شارەکانی ( کەرکووك – رانیە – سۆران – دەربەندیخان – هەڵەبجە ) .**